# باوەڕ بە پێغەمبەران و بەرهەم و شوێنەوارەکانی

[ کردي – کوردی – kurdish ]


## دکتۆر عەبدوڵڵا موحەممەد ئەحمەد الطیار

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2013 - 1434

IslamHouse.com

# الإيمان بالرسل وثمراته

« باللغة الكردية »

الدكتور عبد الله محمد أحمد الطيار

ترجمة: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# باوەڕ بە پێغەمبەران و بەرهەم و شوێنەوارەکانی

سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

پێغەمبەران کێن ؟

پێغەمبەرەکان ئەو کەسانەن کە خوای گەورە هەڵیبژاردوون بۆ ئەوەی هۆکار و ناوەندگیرێك بن لەنێوان خۆی و بەندەکانیدا، ئەویش لەپێناو گەیاندنی ئەوەی کە پێی ڕاگەیاندوون لەشەریعەت و وەحی و فەرمان و واجبەکانی سەرشانیان بەرامبەر بە خوای گەورە، یەکەم پێغەمبەریش (نوح ﷵ) بوو، وەکۆتا پێغەمبەریش (محمد) پێغەمبەری ئیسلام بووە ﷺ، خوای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّا أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ أَنْ أَنْذِرْ قَوْمَكَ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ [1] واتا : بە ڕاستی ئێمە (نووح)مان ناردە لای هۆزەکەی، و فەرمانمان پێدا: هۆزەکەت بترسێنەو

---

([1]) سورة النوح الآية : ١ .

هۆشیاریان بکەوە، پێش ئەوەی سزایەکی ئێش پێگەیەنەری سەختیان بۆبێت لەلایەن پەروەردگاریانەوە.

وە هەروەها فەرموویەتی : ﴿ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَـٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ﴾ ([١]) واتا : محمد ﷺ باوکی هیچ پیاوێکتان نییە، نە زەید و نە کەسی دیکەتان هەتا حەرام بێت ژنی بە کوڕکراوی خۆی- پاش تەڵاقدانی- مارەبکات، چونکە کچ وکوڕی ئەو ئاشکران، و بێ لەوان کەسیتر نابێتە کچ وکوڕی، بۆیە دەتوانێ ژنەکەی زەید مارە بکات، بەڵکو ئەو پەیامبەری خوایە و دواهەمینی پەیامبەرانە، کۆتایی زنجیرەی پەیامبەرانی پێهاتووە.

پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) مرۆڤ بوون وەك هەموو مرۆڤەکانی تر، تەنها هێندە جیاوازیان هەبووە کە خوای گەورە وەحی و نیگای بۆ کردوون، وەك فەرموویەتی : ﴿ قُلْ إِنَّمَا أَنَا

---

([١]) سورة الأحزاب: الآية ٤٠.

﴿ بَشَرٌ مِثْلُكُمْ يُوحَىٰ إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ﴾[٣] واتا : ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵێ: دڵنیابن کە من هەر بەشەرێکم وەک ئێوە، (جیاوازیەکە تەنها ئەوەیە) من وەحی ونیگام بۆ دەکرێت کە بێگومان خوای ئێوە خوایەکی تاک و تەنهایە .

وە بەهیچ شێوەیەك دروست نییە هیچ جۆرە عیبادەت وپەرستنێك بۆ پێغەمبەران بکرێت، وەك پاڕانەوە و داوای شت لێکردنیان، هەروەك چۆن دروست نییە نەذریان بۆ بکرێت و ئاژەڵیان بۆ سەر ببڕرێت، خوای گەورەش لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ﴿ قُل لَّآ أَمۡلِكُ لِنَفۡسِي نَفۡعٗا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۚ وَلَوۡ كُنتُ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ لَٱسۡتَكۡثَرۡتُ مِنَ ٱلۡخَيۡرِ وَمَا مَسَّنِيَ ٱلسُّوٓءُۚ إِنۡ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٞ وَبَشِيرٞ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ١٨٨ ﴾[٤]واتا : ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ:کە من ناتوانم هیچ قازانج یان زەرەرێک بەخۆم بگەیەنم، مەگەر ویستی خوای لەسەربێت، خۆ ئەگەر غەیب و شاراوەکانم بزانیایە ئەوە چاکەی زۆرم کۆدەکردەوە بۆخۆم و هیچ ناخۆشیەکیشم تووش نەدەبوو، من

---

(٣) سورة فصلت الآية : ٦ .

(٤) سورة الأعراف: الآية ١٨٧.

هیچ شتێک نیم تەنیا ترسێنەرێک (بۆ یاخیەکان) و مژدەدەریشم بۆ کەسانێک کە باوەڕ دەهێنن .

**ئەوەی باوەڕ بە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) دەیخوازێت :**

باوەڕ بە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) چوار شت دەخوازێت :

١) پەیامەکانیان هەق وڕاستن ولە لایەنی خوای گەورەوە نێرراون، هەرکەسێك بێباوەڕ بێت بە یەکێك لەو پێغەمبەرانە، ئەوە با بزانێت بێباوەڕ بووە بەسەرجەم پێغەمبەران، گاورەکان کاتێك باوەڕیان نەهێنا بە پێغەمبەری ئیسلام محمد ﷺ وشوێن پەیامەکەی نەکەوتن، ئەوە خۆی لەخۆیدا ئەوە دەگەیەنێت کە عیسی کوڕی مەریم عليه السلام یان بەدرۆ خستوەتەوە، چونکە ئەگەر ڕاستیان بکردایە شوێن محمد ﷺ دەکەوتن، لەبەر ئەوەی عیسی عليه السلام موژدەی هاتنی پێغەمبەری ئیسلامی بە گاورەکان دابوو .

٢) باوەڕ بەو پێغەمبەرانەی ناویان دەزانین، وەك محمد و ئیبراهیم و عیسی و موسی و نوح و سەرجەم ئەو پێغەمبەرانەی کە لەقورئاندا ناویان هاتووە، کە ژمارەیان بیست وپێنج

پێغەمبەرن، وە باوەڕیش بە شێوەیەكی گشتی بەوانەشیان نە ناویان نەهاتووە .

٣) باوەڕ بوون و بەڕاست زانینیان لەو شتانەی هەواڵیان پێداوە و گێڕاویانەتەوە .

٤) كاركردن بە شەریعەتی ئەو پێغەمبەرەی خوای گەورە و پەروەردگار ڕەوانەی كردووە بۆلامان، ئەویش محمد ﷺ ــە، كە كۆتا و خاتەمی پێغەمبەرانە .

**بەرهەم و شوێنەواری باوەڕ بە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) :**

١) تێگەیشتن وشارەزا بوون لە ڕەحمەت ومیهرەبانی خوای گەورە بەرامبەر بە بەندەكانی، بەوەی بۆ هەموو گەل و هۆزێك پێغەمبەرێكی بۆ ناردوون، بۆ ئەوەی ڕێنیشاندەریان بێت بۆ سەر ڕێگای ڕاست، و چۆنیەتی بەندایەتی وپەرستنی خوای گەورە، بەو شێوەیەی كە پەروەردگار دیاری كردووە .

٢) شوكر و سوپاسی خوای گەورە كردن لەسەر ئەم نیعمەتە گەورەیەی كە بەخشیویەتی بە بەندەكانی .

٣) خۆشویستنی سەرجەم پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) و بە گەورە ڕاگرتنیان لەو سنوورەی خوا دیاری کردووە، وە سەلام و صەڵاوات دان لەسەریان لەکاتی ناوهێنانیان .

خوای گەورە بە ڕەحم و میهرەبانی خۆت لەگەڵمان بکە، و لەگەڵ پێغەمبەراندا حەشرمان بکە، وبمانخە بەر شەفاعەتی محمد المصطفی .